# قسەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پوخت وڕەوان بوون هەر کەسێک گوێی لێ بوایە لێی تێدەگەیشت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «قسەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پوخت وڕەوان بوون هەر کەسێک گوێی لێ بوایە لێی تێدەگەیشت».
[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: وتەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پوخت بوون، واتە قسەکانی ئاڵۆز نەبوون کە وشە وڕستەکان بدات بە سەر یەکدا، ڕوون وئاشکرا بوون بۆ هەرکەسێک گوێی لێ بوو بێت بە بێ ئەوەی درێژ وئاڵۆز بێت، ئەگەر کەسێک بیویستایە وشەکانی بژماردایە دەیتوانی ئەمیش بەهۆی لە سەرخۆیی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو لە کاتی قسەکردندا؛ ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاڵ پوخت کردنی ڕستەکان؛ (جوامع الکلم) یشی پێبەخشراوە کە ئەمیش بریتیە لەوەی کە چەند وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر دەبەخشێت. دەبێت مرۆڤ بەم شێوەیە بێت وقسەکانی تێکەڵ نەکاتە بە سەر یەکتردا وبیشارێتەوە کە گوێگر هیچ تێنەگات، چونکە مەبەست لە قسە کردن تێگەیاندنی ئەو کەسەیە کە قسەی بۆ دەکرێت، هەتا قسە ئاسانتر بێت بۆ تێگەیشتن ئەوا جوانتر وباشترە. وپێویستە مرۆڤ ئەگەر قسەکانی بەم شێوەیە بوو کە ڕوون وپوخت بوو ئەوا سێ جار دووبارەی بکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تێنەگەیشتوون، ونیەت وهەستی شوێنەکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادە بکات لەم کردەوەدا بۆ ئەوەی پاداشتی دەستبکەوێت وبرا مسوڵمانەکەی تێبگات. وبەم شێوەیە بۆ هەموو سونەتەکان، لە دڵتدا هەست ونیەتی شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادە بکە بۆ ئەوەی پاداشتت دەستبکەوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3321

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee